# سەرکەوتنی مانگرتنی کرێکارانی نەوتی باشور



لە ڕێگای دوو ڕاگەیاندنەوە پەیامی سەرکەوتنی مانگرتنی کرێکارانی نەوتی باشور بڵاوبۆوە. یەکەمیان لە لایەن کۆمیتەی هاوپشتی – Naftana لە بەریتانیا لە گەل کرێکارانی نەوتی عێراق. دووهەمیان لە لایەن حەسەن جومعە حەواد، ڕابەری کرێکارانی نەوتی باشور.

ڕۆژی دووشەمە ڕێکەوتی 11 ی جونی 2007 ، سەعات دووی پاش نیوەرۆ حەسەن جومعە لە پەیامەکەی دا بە تەواوی میدیاکانی ڕاگەیاند کە لەم نەبەردە چینایەتی یەدا، بە جەسوری و تاکتیکی دروست توانیمان بۆ سێیەمین جار بە هێزی کرێکاران سەرکەوتن تۆمار بکەین.

هەروەها لە بەشێکی تری پەیامەکەی حەسەن جومعە دا هاتووە و دەڵێ: دوای چەندین دانیشتن و گفتووگۆی ڕاستەوخۆ لە گەل بەرپرسانی دەوڵەت، لەوانە سەرۆک وەزیران، نوری مالکی، وەزیری نەوت و بۆیان ڕوون بۆوە ئەم کێشانەی کرێکاران باسی دەکەن، کێشەی واقیعین و نەیانتوانی لە ژێردا دەرچن و مەجبور بوون دان بە داخوازی یە ڕەواکانی کرێکاران دا بنێن.

**له کۆتایی دا حەسەن جومعە بەم شێوەیە پێناسەی کرێکارانی نـەوت دەکـات: کرێکـاران دەتوانن هەموو ئەو شتانە بە دەست بێنن کە دەیانەوێت، لە بەر ئەوەی کرێکاران خاوەنی هێزن، و هەروەها لە بەر ئەوەی تەواوی داخـوازی یـەکان مـافی ڕەوای خۆیانـە.**
**بژی چینی کرێکارانی عێراق دوا وشەی پەیامەکەی بوو.**

**بۆ ناسینی زیاتری بیرو بۆچوونی ڕابەری کرێکـارانی نـەوتی عێـراق، حەسـەن جومعـە، دەتوانی بەشداری بکەیت لە مارکسیزمی 2007 ڤیستیڤالی بەرەنگاربوونەوە لە بـەریتانیا، کە حەسەن جومعە یەکێکە لە قسەکەرانی مارکسیزمی 2007 لە بەرواری 5-9 جولای. بـۆ زانیاری زیاتر دەتـوانی سـەردانی ماڵـپەری مارکسـیزمی 2007 بکـەیت بـەم ناونیشـانە:**
www.marxismfestival.org.uk